SORANI

## پەیوەندیکردن بەهاسانیی بە دامودەستگای جوداوە

ئەگەر پێویستیت هەیە بە کۆمەك بۆ پەیوەندیکردن بە دامودەستگای جودا بۆ کاردۆزینەوە یان دابینکردنی تری ژیانت، دەستەی هاوکاریی دەتوانێت یارمەتیت بدات لە دۆزینەوەی ڕێگەی پەیوەندیی دروست.

کاتێك پەیوەندیی بە دەستەی هاوکارییەوە دەکەیت، کۆبۆنەوەیەك بۆت ڕێکدەخرێت لەگەڵ یەکێك لە کارمەندانی دەستەکە. کاتێك دەزانرێت چ یارمەتییەکت پێویستە، ئێمە دەتوانین ڕێنوێنیت بکەین چۆن بە باشترین شێوە پێویستییەکەت جێبەجێبکرێت و کۆمەکت بکەین لە پەیوەندییکردن لەگەڵ دامودەستگای دروستدا.

**دەستەی هاوکارییەکە بۆ کێ دانراوە؟**
دەتوانیت یارمەتیی وەربگریت لە دەستەی هاوکارییەکە ئەگەر تۆ دانیشتووی ئۆرەبروی و تەمەنت لە نێوان 16 و 65 ساڵە و پێویستیت هەیە بە یارمەتیی بۆ ئەوە پێکەوە کۆمەك ڕێکبخەین لەلایەن سندوقی بیمەی گشتیی و بنکەی کاردیتنەوە و هەرێمی ئۆرەبرو و شارەوانیی ئۆرەبرو.

داوای ڕێنماییکردن لە دەستەی هاوکارییەکە بە خۆڕاییە.

**بەم شێوەیە داوای ڕێنمایی دەکەیت لە دەستەی هاوکارییەکە**
فۆرمی داخوازینامەکە پڕبکەرەوە لە orebro.se/samverkansteamet. کاتێك داخوازینامەکەت دەنێریت، یەکێك لە دەستەی هاوکارییەکە پەیوەندیت پێوە دەکات تا کات بۆت دابنرێت بۆ یەکەم کۆبۆنەوە.

هەروەها تۆ یان خزمێکت دەتوانێت پەیوەندییبکات بە دەستەی هاوکارییەکەوە بە هۆی تەلەفۆنکردن یان ئیمێڵناردن یان بە سەردانی ناوەندی خزمەتگوزاریی شارەوانییەوەوە.

هەروەها دەتوانرێت ڕێنماییبکرێیت لەلایەن کارمەندێکی ڕاپەڕێنەرەوە لە سندوقی بیمەی گشتیی یان بنکەی کاردیتنەوە یان هەرێمی ئۆرەبرو یان شارەوانیی ئۆرەبرو، بۆ پەیوەندییکردن بە دەستەی هاوکارییەکەوە.

**کێ کاردەکات لە دەستەی هاوکارییەکە؟**
ئێمە کە کاردەکەین لە دەستەی هاوکارییەکە، کاریش دەکەین لە شارەوانیی ئۆرەبرو یان بنکەی کاردیتنەوە یان سندوقی بیمەی گشتیی، بۆ نموونە وەك ڕاوێژکار یان کارمەندیی ڕاپەڕێنەر. هەروەها ئێمە زانیاریی باشمان هەیە لەبارەی ئەو کۆمەکە کە هەیە و دەتوانرێت وەربگیرێت و پەیوەندیی کارمان هەیە لەناو دەروونناسیی و چاوەدێریی سەرەکیدا.

ئێمە کە کاردەکەین لە دەستەی هاوکارییەکە، کاردەکەین بۆ بەرژەوەندی تۆ و ئەرکی پاراستنی نهێنیمان هەیە. ئەوە وا دەگەیەنێت کە ئەو باسانە بۆمان دەکەیت، باسیان ناکرێت بۆ یەکێکی تر.

**پەیوەندیی پێمانەوە بکە**

ئیمێڵ: samverkansteamet@orebro.se
تەلەفۆن: 00 10 21-019
شوێنی وێب: orebro.se/samverkansteamet